حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
فەرمانبەران

حكومة اقليم كوردستان/ العراق
وزارة الصحة
المديرية العامة لصحة اربيل
الموظفين

Kurdistan Region Government/ Iraq
Ministry of Health
General Directorate of Health – Erbil

ژمارە: ٨٧٤٥ العدد:
رێکەوت: / سەرماوەز/ ٢٧١٤ کوردی التاريخ: ٣ / ١٢ / ٢٠١٤

بۆ/گشت بەڕێوەرایەتی ونە خۆشخانەکانی دەزگا تەندروستیەکانی سەربەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان

ب/گشتاندن

هاوپێچ لە گەل نوسراومان وێنەیەک لە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران /سکرتێری ئەنجومەن /ژمارە (٥٦٧٦ لە ٢٠١٤/٩/١٠) کە بە نوسراوی وەزارەتمان ژمارە(١٦٠٣٩ لە ٢٠١٤/١١/٢٠) بۆمان هاتووە تایبەت بە راسپاردنی بەڕێز (سفین غفور) راوێژکار لە نووسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وە ریکخەر سەرپەرشتیاری پڕۆژەی چاکسازی لە ناستی پێشکەشکردنی خزمەت گوزارییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆتان ڕەوانەدەکەین بۆ ئاگادارێتان و ئەنجامدانی کاری پێویست لە گەل ڕێزدا

هاوپێچ/ فەرمانی (٥٦٧٦)

دکتۆر
سامان حسین بەرزنجی
بەڕێوەبەری گشتی

وێنەیەک بۆ:
- بوسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی/بۆ زانین لەگەل ڕێزماندا.
- گشت بەشەکانی دیوان / بۆ هەمان مەبەست.
- فەرمانبەران /لەگەل بەرایەکان.
- خولاو.

No :

ژمارە : ٥٦٧٦

Date: ٢٠١٤/٩

ڕێکەوت : ١٩ / گەلاوێژ / ٢٧ ی کوردی ٢٠١٤/٩/١٠

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
دەرکردە
Council of Ministers

فەرمان

دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ورد و هەڵسەنگاندنی بیروڕای هاوڵاتی، سەبارەت بەو خزمەت و خزمەتگوزارییانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشیان دەکات، بە وەرگرتنی بڕچوونی زیاتر لە پێنج هەزار کەس لە هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان و لە نزیکەوە هەڵسەنگاندنی ٦٩٥ خزمەت لە ١٨٢ بەڕێوەبەرایەتی و دامودەزگای جیاواز.

بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتینی ناو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەک کە ببێتە مایەی ڕەزامەندی هاوڵاتیان، بڕیارماندا بە:

١. ڕاسپاردنی بەڕێز (سەفین غەفور) ڕاوێژکار لە نووسینگەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەک ڕێکخەر و سەرپەرشتیاری پڕۆژەی چاکسازی لە ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان.

٢. پێویستە هەموو وەزارەت و پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆ و دەستە و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکار و هەماهەنگ بن لە بەجێگەیاندنی ئەم پڕۆژەیە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

٣. ڕاپۆرتی کۆتایی پڕۆژەکە و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان دەخرێتە بەردەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیاردان لەسەری.

٤. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم فەرمانە جێبەجێ دەکەن.

فۆاد ئاڵەبانی
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

ژمـــارە :
No :

رێکەوت : / / ٢٧ ی کوردی
Date: / /

وێنەیەک بۆ : ح. ته نذروستی

- دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت وەزارەتەکان/ نووسینگەی تایبەتی وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران/ لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێز (سەفین غەفور)/ ڕاوێژکار لە نووسینگەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەن/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- خولاو.